# چۆن

# دەبێت بە

# مامۆستایەکی سەرکەوتوو ؟


پوخت کردن و وەرگێڕانی

مامۆستا فلاح حسن


==========================================================


**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خودای زانا و دانا، کە لە ڕێگەی پێنووسەوە مرۆڤی فێرکردووە ، وە شت گەلێکی فێرکردووە کە پێشتر نەیزانیوە ،وە درودو سڵاو لەسەر باشترینی مامۆستاکان وە شارەزاترینی پەروەردەکاران وە لەسەر خانەوادە و هاوەڵانی تاڕۆژی دوایی......

گومانی تێدا نیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پیشەی فێرکردن و فێرکاری بووەتە پیشەی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە،وە دەبینین ڕۆژانە لاوانی فێرخواز لە زیادبووندان ، ئەمەش وای کردووە کە مامۆستایان و فێرکارانیش لە زیادبوونداین، لـەم ڕوانگەشەوە پێویست بووە لەسەر هەمووان کە ئەم پیشەیە گرنگی پێ بدەن و پێشی بخەن لە پێناو پــەروەردەکردن و پێگەیاندنی فێرخوازەکان، بەڵکو ئەو فێرخوازانە لە داهاتوودا ببەنە تۆوێکی بە پیت و خشتێکی بتەو لەبنیاتنانی کۆمەڵگادا ، وە لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجە ، پێویستە دەرگاکان واڵا بکرێن لە نێوان فێرکارو فێرخواز،وە مامۆستا خۆشەویست بکرێت لەلای هەموو فێرخوازێك بەمەش مامۆستا سەرکەوتوو دەبێ لە بوارەکەیداو پەیامەکەی دەگاتە شوێنی مەبەست و گوفتارو ئاڕاستەکردنەکانی وەردەگیرێت ، چونکە خۆشەویستی پاڵنەرە بۆ چاولێکردن و هۆکارێکی بە هێزە بۆ گوێڕایەڵی کردن و وەرگرتن و بەجێ هێنانی داخوازییەکان، وەهەتا خۆشەویستی و لەیەك گەیشتن لە نێوان فێرخـوازو فێرکار زیاتر بێت ئەوا ڕێژەی فێربوون و وەرگرتن و بەجێهێنانیش زیاتر دەبێت، وەبە پشت بەستن بەیاسای ((**خۆشەویست هەمیشە گوێ ڕایەڵی خۆشویستراوەکەیەتی**)) کورتە باسێك سەبارەت بەڕێگاکانی سەرکەوتنی مامۆستا لە پرۆسەی فێرکردن دەخەینە پێش دەستی خوێنەران بەگشتی و چینی مامۆستاو فێرکاران بەتایبەتی بۆ ئەوەی بتوانـــن دڵی فێرخواز بۆ لای خۆیان و بابەتی خوێندنەکە ڕابکێشن و لە ئەنجامیشدا ئەم کارە بەسەرکەوتنی پرۆسەی خوێنـــــدن بشکێتەوە، کە ڕێگاکان خۆی لە (٢٤) خاڵ دەبینێتەوە کە بریتین لە:

## یەکەم: نیازپاکی و خودا مەبەست بوون لەکارەکاندا:

ئەمەش بریتیە لەوەی کە مامۆستا نیازی خۆی پاك بکاتەوەو مەبەستی لە فێرکردندا ڕەزامەندی خودای گەورە بێت پێش ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ بژێوی ژیان ، ئەمەش بۆ ئەوەی پاداشتی دوارۆژی لە دەست نەچێت، وە پاشان کارەکەی بە باشترین شێواز و بەبێ کەم و کورتی و کەم تەرخەمی و پشت گوێ خستن بەڕێوە ببات ، بەڵکو ئەو برە مووچەیەی کە وەری دەگرێت لە بری کارەکەی پاداشتێکی پاك و حەڵاڵ و بەفەڕ بێت.

📖📖📖📖📖

## دووەم: داوای یارمەتی کردن لە خودای باڵادەست:

ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی مامۆستا و سازدانی کردەوەی چاك وپەروەردەی ڕەسەن وگوفتاری دروست، هەر بۆیە داواکردن ( **الدعاء**) چەکێکی بە تواناو توێشویەکی بە پێزە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾(البقرة: ١٨٦).

واتا: هەر دەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ئەوە بێ گومان من لێیانەوە نزیکم، وە نزای نزاکاران گیرادەکەم و داواکانیان وەڵام دەدەمەوە هەر کاتێ هاوارو نزام لێ بکەن، دەی با ئەوانیش بە دەنگ منەوە بێن و بڕوام پێ بهێنن بەڵکو ڕێی ڕاست بدۆزنەوە.

هەر بۆیە دەبێ مامۆستا زۆر داوا لە خوای گەورە بکات کە سەرکەوتوی بکات ، و یارمەتی دەری بێت لە پێش خستنی کارەکانی .

## سێیەم : هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ فێرخوازان:

چونکە هەڵسوکەوتی جوان هۆکارە بۆ دروست بوونی خۆشەویستی لە گەیشتن لەنێوان فێرکارو فێرخوازو دڵەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە ، هەر وەکو شاعیر دەڵێت: (أحسن إلى الناس تستعبد قلوبهم ، فطالما أستعبد الانسان إحسان) .

واتە : چاك بە لەگەڵ خەڵـــــك ، دڵت دەدەنـــــێ و ڕووت تێ دەکەن ، وە هەمیشە سروشتی مرۆڤەکان بۆ لای چاکە دەچێ .

## چوارەم: خاکی بوون و بێ فیزی:

ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە فێرخواز لە مامۆستاکەی نزیك دەکاتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الشعراء: ٢١٥]

واتە: باڵی بەزەیی و بێ فیزی و نەرم و نیانیت ڕاخە بۆ ئەو ئیماندارانەی گوێت لێ دەگرن و شوێنت دەکەون.

هەروەها هاوەڵی بەرێز (عیاض) ڕەزای خوای لێ بێت لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:«إِنَّ اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ ، وَلا يَبْغِي أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ»[رواه مسلم]. واتە : خوای گەورە سروشی بۆ کردووم و ئەمری پێ کردووم کە بێ فیز و خاکی بن،وە باکەس شانازی وفەخر نەکات بەسەر کەسی ترەوە ، وە باکەس ستەم لە کەسی تر نەکات.

تواضـــع تكـــن كـــالنجم لاح لنـــاظر
علـــى صـــفحات المـــاء وهـــو رفيـــع
ولا تـــك كالـــدخان يرفـــع نفســـه
إلى طبقـــات الجـــو وهـــو وضـــيع

واتە: بێ فیز بە وەكو ئەستێرە بەرز دەبیتەوە ، لەسەر ڕووی ئاویش دەردەكەوێ هەر بەرزی، وە هەرگیز وەكو دووكوڵ مەبە سەرەڕایی بەرزبوونەوەی بۆ چەندین چینی ئاسمان هەر نزم و بێ كەڵك وبێ نرخە.

## پێنجەم: ڕۆح سوكی و قسە خۆشی:

گاڵتەكردن و ڕوح سوكی لە سنورێكی دیاری كراودا یەكێكە لەو هۆكارانەی كە خۆشی دەخاتە دڵی فێرخواز و بارگرانی و گرژی دوور دەخاتەوە و دڵەكان زیاتر لە یەكەوە نزیك دەكاتەوە ، و فێرخواز زیاتر گوێڕایەڵ دەكات بۆ وەرگرتنی وانەكان.

## شەشەم: ئامۆژگاری و ئاڕاستەكردن و ڕێ نموونی كردن:

ئەمانە هەمووی و پیشاندانی بەزەیی و خۆشەویستی بۆ فێرخوازان بە بێ جیاوازی ، خۆ چیرۆكی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ منداڵە جولەكەكە باشترین بەڵگە و ئامۆژگارییە بۆ ئێمە ، كە چۆن ئاڕاستە كردن و ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بووە هۆی ڕزگاربوونی لە ئاگری دۆزەخ درودو سەلامی خودای لە سەر بێ ، بۆیە زۆر گرنگە فێركار بەردەوام ئامۆژگاری و ڕێنمونی پیشانی فێرخوازان بدات.

## حەوتەم: ڕێزگرتن لە فێرخوازان و گوێ بۆ گرتنیان و بواری پرسیارکردن و گفتوگۆ کردن پێیان:

ئەمەیش هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی فێرخواز و هەست کردنیان بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە خاك و وڵاتیان، بەڵام سوکایەتی پێ کردن و پەراوێز خستنیان بێ ئومێدیان دەکات ، و ورەیان دەڕوخێنێت و هەستیان بریندار دەکات مامۆستای سەرکەوتو ئەوە دەزانێت کە گوێگرتن لە فێرخواز وا لە خودی فێرخواز دەکات کە ئەوانیش گوێ لە مامۆستا بگرن ،و ڕێز گرتن لە فێرخواز ڕێزی ئەوان بە دەست دێنێت.

## هەشتەم: ڕووخۆشی و بزە بەخشین:

ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دڵ ئارامی دەبەخشێتە فێرخواز و ئامادەییان تیا بەدی دەهێنێت لە وەرگرتن و تێگەیشتنی ئەو بابەتەی بۆیان باس دەکرێت لە لایەن مامۆستاکەیانەوە.

هاوەڵی خۆشەویست (جریر) ی کوڕی (عبداللە) ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێت : " ما رآني رسول الله صلى الله عليه وسلم إلا تبسم " متفق عليه .واتە : ( هیچ کات پێغەمبەری خوام نەبینیوە ئیللا بزەی لەسەر لێو بووە) ئەوەش شتێکی بەڵگە نەویستە کە ناخی مرۆڤەکان ئارام دەبێت و خۆشحاڵ دەبێت بە کەسی ڕووخۆش و بزە گرتوو وە بێزار دەبێت لە کەسی درژ و مۆن.

## نۆیەم: دووركەوتنەوە لە توندو تیژی:

پێویستە لەسەر مامۆستا نەرمونیان بێت لەگەڵ فێرخوازدا، چونكە نەرم ونیانی وا لە فێرخوازان دەكات كە زووتر لە وانەكان تێ بگەن و هەموو ئەو شتانە وەربگرن كە مامۆستا باسی دەكات بە پێچەوانەی توندوتیژی كە هۆكارە بۆ دوور كەوتنەوەی فێرخواز لە مامۆستاكەی ، و بەمەش ڕقیان لە مامۆستاكە بێتەوە و هیچ لەوانەی كە مامۆستا دەیڵێت و داخوازی دەكات وەرناگرن، ئەوەتا خوای گەورە بە پێغەمبەرەكەی (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێت : ﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ [آل عمران: ١٥٩] واتە: ئەگەر تورەو قسە ڕەق و بێ بەزەیی توندبویتایە ، ئەوا هەمووان بڵاوەیان لێ دەكردی و كەس بەلاتەوە نەدەما.

وە پێغەمبەری خوا(صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێت:

« مَا كَانَ الرِّفْقُ فِي شَيْءٍ إلا زَانَهُ ، وَما نُزِعَ مِنْ شَيْءٍ إلا شَانَهُ»( رواه مسلم ( ٤٦٩٨ )) واتە : نەرم ونیانی لە هەر شتێكدا بێت جوانی دەكات ، وە لە هەرشتێكدا دەربكرێت ئەوا ناشرین دەبێت.

وە مرۆڤی توندوتیژ نەك تەنها خەڵكی بەڵكو ئاژەڵی بێ زمانیش لێی ڕادەكات چ جای ئەو فێرخوازانەی كە پێویستیان بەهەموو سۆز و خۆشەویستەكە.

## دەیەم: بەخشین:

لەوانەیە لە ناو قوتابخانەكاندا چەندین فێرخوازی هەژار و هەتیوو هەبن و پێویستیان بەیارمەتی هەبێت ، بۆیە یارمەتی دانی مادی ئەم جۆرە فێرخوازانە بە شێوەیەكی نهێنی و بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستی لە پێش چاوی فێرخوازەكانی تر هۆكارێكە بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەو فێرخوازە و زیاتر گرنگی دانی بە پرۆسەی خوێندن و هەروەها ئەو پەڕی باوەڕو متمانە لەلایەن فێرخوازان دروست دەكات كاتێك كە دەبینن مامۆستاكەیان گرنگی پێ دەدەن و هەست بە ئازارەكانی دەكەن و پشت گوێی ناخەن.

## یانزەیەم: لێبوردەیی و چاوپۆشیكردن لە هەڵەكان:

خوای گەورە سەبارەت بە كەسانی لێبوردە و ئەوانەی توڕەیی خۆیان دەخۆنەوە دەفەرموێت: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٤] واتە : ئەو كەسانەی كە ڕقی بە تینی خۆیان دەخۆنەوە و ئەوانەی كە لە خەڵكی دەبوورن ئەوا خوای گەورە چاكەكارانی خۆش دەوێت.

وە چیرۆكی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ ئەو كابرا دەشتەكیەی كە لەناو مزگەوتدا میزی كرد و هاوەڵان پەلاماریان داو ویستیان لێی بدەن كەچی پێغەمبەری ئازیز داوای لێكردن كەوازی لێ بێنن ، وە پاشان بەنەرمی و لەسەرخۆیی پێی ووت كە ئەم شوێنە شوێنی پەرستنە نەوەك ئەو جۆرە كارانە ، كابراش لە ئەنجامدا دەستی بەرزكردەوە و لە خوای گەورە پاڕایەوە بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەتەنها ، ئەمەش بەهۆی كاریگەری نەرمی و لێبوردەییەوە بوو.

وە مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوە وە لە کاتەکانی تریشدا هەندێك هەڵە و سەرکێشی فێرخوازی بەرچاو دەکەوێت کە هەندێك جار ئەو هەڵانە بەمەبەستەوە نیە و تەنانەت هەندێ جار بەمەبەستیشەوە فێرخواز هەڵە دەکات بەڵام شتێکی بچووکە و شایەنی ئەوە نیە گەورە بکرێتەوە و دەبێت چاوپۆشی لێ بکرێت کە ئەمەیان زۆرجار ئەنجامی باشتری دەبێت لەسەر سەرزەنشتکردن و شکانەوە و قسەی ناشرین پێ ووتن.

## دوانزەیەم: ئارام گرتن لەسەر ئازار و نارەحەتیەکانی فێرخواز:

بەراستی ئارام گرتن لەسەر کێشە و گرفتەکانی فێرخواز جگە لەوەی دەبێتە پاداشت و چاکە بۆ مامۆستا ئەگەر لە پێناو خوای گەورەدا ئەمە بکات، ئەوا باشترین چارەسەریشە بۆ زۆرێك لەو کێشە وگرفتانەی کە رۆژانە دێنە رێگەی مامۆستا و بەرێوبەر بە تایبەتی کە ئەو فێرخوازە بە کەسێکی شەرەنگێز نەناسرابێت.

## سیانزەیەم: قبوڵکردنی رەخنەو دانان بە هەڵەدا :

ئەگەرچی زۆرێك پێیان وایە کە ئەمە لە کەسایەتی مامۆستا دادەبەزێنێت بەڵام بەپێچەوانەوە ، دان نان بە هەڵە و وەرگرتنی رەخنەی فێرحواز بەسنگ فراوانیەوە جۆرێك لە متمانە لەلای فێرخواز دروست دەکات و فێرخواز چیتر هەست ناکات کە کەسێکی لە خۆبایی و (معقد) وانەی پێ دەڵێتەوە ، جگە لەمەش مامۆستا دەبێت سوود لە ئامۆژگاری ورەخنە و ئاراستەکردنی کەسانی شارەزاتر لەخۆی وەربگرێت وەك بەرێوەبەرو سەرپەرشتیارو مامۆستای بە ئەزموون.

## چواردەیەم: ڕاگۆڕینەوە و هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەو مامۆستایانی تر:

ئەمەش بۆ زیاتر بەرەو پێش بردن و باشتر کردنی ئاستی خوێندن و گوێ گرتن بۆ سکاڵاکان و تاوتوێ کردن پێشهاتەکان وهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە گونجاوترین و خێراترین ڕێگا.

## پانزەیەم: پاداشتکردن و دیاری بەخشین بە فێرخوازە یەکەمەکان و ئەو فێرخوازانەی کە بەمەستی ئیدارەو مامۆستایان دڵی ڕاگرن:

هەر وەك زانراوە کە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەندین جار دیاری بەخشیوە بە کەسانێك کە تازە موسوڵمان بوون ، وە هەندێ جاریش کەسانی جگە لە موسوڵمانی خەڵات کردووە بۆ دڵ ڕاکێشانی بەرەو ئیسلام ، کەدەکرێ مامۆستا وئیدارە جگە لە خوێندکارە یەکەمەکان، هەندێ جار فێرخوازی چالاك لە بوارەکانی تر و تەنانەت هەندێ جار فێرخوازی لاواز خەڵات بکرێت بەڵکو ببێتە هاندەرێك بۆی و بەهۆیەوە هەوڵی زیاتر بدات.

## شازدەیەم: سەرمەشقی چاك ( القدوة الحسنة )

ئەمەش لە کردار و گوفتاردا دەبێت کە کاریگەرییەکی چاك بەجێ دەهێڵێت لەسەر پەیوەندی نێوان فێرخواز و مامۆستا کە خۆی لە خۆیدا بانگەوازکردنێکی بێ دەنگە بۆ خێر و چاکە ، بۆیە شیاو نیە بۆ مامۆستا کە قەدەغە و ڕێگری لە شتێك بکات و پاشان خۆی پێی هەستێت یاخود فەرمان بە شتێك بکات و ئەنجامی نەدات .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ [الصف: ٢، ٣].

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆ چی شتێ دەڵێن و ڕەفتاری پێناکەن؟ * لە لای خوای گەورە سەختە، کە شتێ بڵێن و کاری پێنەکەن .

وەهەروەها دەفەرموێت :﴿ أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [البقرة: ٤٤].

واتە : ئایا فەرمان بەسەر خەڵکیدا دەدەن بەچاکە ؟ وە خۆتان فەرامۆش دەکەن(لەگەڵ ئەمەشدا) کەئێوە دەوری پەڕاوەکە(تەورات) دەکەنەوە دەی ئایا ژیرنابن و تێ ناگەن؟

## حەڤدەیەم : ئامادەکارییەکی چاك بۆ بابەتەکە و هەمەجۆرێتی لە شێوازی وانە وتنەوەدا :

ئەمەش بەوە دەبێت کە مامۆستا چیرۆکی هەمەچەشنیان بۆ باس بکات ، و بگێڕێتەوە پاشان پەیوەستی بکات بە واقعەوە کە بێ گومان ئەم شێوازە چێژێکی زیاتر دەبەخشێت بە وانەکە ، و سەرنجی فێرخوازان ڕادەکێشێت و بێزاری و بێتاقەتیان لەسەر ناهێڵێت .

## هەژدەیەم : تاقی کردنەوەکان نەکاتە هۆکاری تۆڵە سەندنەوە :

چونکە تاقی کردنەوەکان ئامانج نین بەڵکو فێرکردن و پەروەردەکردنی فێرخوازانە لەسەر شێوازێکی دروست و ڕەسەن ، وە ئەو تاقی کردنەوانە تەنها بۆ ئەوە دانراون کە ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازەکان بزانرێت لە میانەی پرۆسەی فێرکردنەکەدا .

## نۆزدەیەم: غەم و پەژارە تایبەتیەکانت مەگوازەرەوە بۆ نێو قوتا بخانە:

هیچ مرۆڤێك نیە کە کێشەو دڵتەنگی ڕووی تیٚ نەکات و ڕووبەڕووی نەبێتەوە، ئیتر ئەو کێشەو پەژارانە خێزانی بن یان دەروونی یان هەر هۆکارێکی تر، بۆیە مامۆستاش وەکو هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی بەو قۆناغانە ناخۆشانەدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا بەهیچ شێوەیەك ئەو دڵتەنگی وبارە خەمئاوێزانە نەگوازێتەوە بۆ ناو قوتابخانە بۆ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر شێوازی پێشکەشکردنی وانەکەی ، وبەو هۆیەوە وکەموکوڕی تێدا ڕووبدات و زیان بدات لە فێرخوازەکانی لەکاتێکیشدا هیچ تاوان وگوناهی ئەوانی تێدا نیە.

## بیستەم: سڵاوکردن لە فێرخوازان:

لەکاتی وەرزی خوێندندا ولەکاتی پشووی هاوینیشدا پێویستە مامۆستا هەرکاتێك فێرخوازێکی بینی سڵاوی لیٚ بکات، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی خۆشەویستی نێوان مامۆستاو فێرخواز ، لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی : «أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ : أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ » (صحيح مسلم رقم : (٥٤)).

واتە : ئایا ڕێنماییتان نەکەم بۆ شتێك ئەگەر ئەنجامی بدەن ئەوا دەبن بە خۆشەویستی یەکتر : سەلام کردن لە یەکتر و وەڵامدانەوەی لە نێوانتانا بڵاوبکەنەوە.

## بیست و یەك : بە جوانترین ناو و نازناو بانگی فێرخوازەکەت بکە :

بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی پردی خۆشەویستی وڕێز لەیەك گرتن، چونکە خۆشەویسمان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم شێوازە بانگکردنەی بەکارهێناوە لەگەڵ منداڵاندا بۆ نموونە جارێکیان منداڵێك باڵندەیەکی دەبێت کە زۆر خۆشی دەویست کەچی مردارەوە بوو کە ناوی (نوغەیر) بوو، پێغەمبەریش بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە پێی فەرموو: " يا أبا عمير ما فعل النغير ".

📖📖📖📖📖

## بیست ودوو: وورەی فێرخوازان بەرز بکەرەوە:

ئەوەش بە هاندانی سەرکەوتوو ودەرچووەکان و بەرزکردنەوەی ورەی ئەوانەی کە دەرنەچوونە لەتاقیکردنەوەو نمرەی کەمیان بەدەست هێناوە، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات زیاتر کۆشش بکەن وهەوڵی زۆرتر بدەن تا بگەن بە هاوڕێ سەرکەوتووەکانیان.

## بیست و سێ : یەکسانی وبەیەکچاو سەیرکردنی فێرخوازان:

ئەمەش پێویستە ڕەچاو بکرێت لەکاتی قسەو ئامۆژگاری کردنیان وپێدانی زانیاری پێیان، بۆ ئەوەی فێرخوازی ئاست نزم وا هەست نەکات کە جیاکارییەك هەیە لەشێوازی مامۆستادا بەرانبەر ئەم وهاوڕێ زیرەکەکەی، کە لەوانەیە ئەم بەیەکسانی سەیرکردنە ببێتە هۆی ئەوەی فێرخوازەکە باشتر و زیاتر هەوڵ بدات وەکو هاوڕێکانی.

## بیست و چوار : خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ:

بۆ ئەوەی یادت بکەوێتەوە کە شێوازی هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چۆن بووە لەگەڵ هاوەڵانیدا لەپێگەیاندن وپێدانی زانست و زانیاری پێیان، چونکە ئەو باشترین مامۆستاو پێشەوایە بۆ ئێمە کە شوێنی بکەوین وچاوی لێ بکەین لەهەموو کاروبارێکماندا، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ [الأحزاب: ٢١].

واتە: بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا پێشەنگ وسەرمەشقێکی چاك هەیە بۆ ئێوە بۆ ئەوەی چاولێکەری بن بۆ کەسانێك کە ئاواتەخوازی گەیشتنن بەخوا و پاداشتی ڕۆژی دوایی ویاد و زیکری خواش زۆر دەکەن.

## جا لەکۆتاییدا ئەی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست:

هەرکام لەم سیفاتانەت تێدایە ئەوا سوپاسی خوا بکەو بەردەوام بە لەسەری ،و هەوڵ بدە سیفەت وئاکارەکانی تریش جێبەجێ بکەیت و شێوازی نوێ بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی لە پیشەکەی خۆتدا سەرکەوتوو بیت وئەو نەوەیەی لەبەردەستدایە بەچاکترین ورێك وپێکترین شێواز پێ بگەیەنیت و تۆش ببیت بە سەرمەشقێکی چاك بۆیان .

وفق الله الجميع لما يحب ويرضى، وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِين، وصَلَى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم.

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org
walamakan.com